# بۆ ئەوەی چیدیکە خانمان نەچەوسێندرێنەوە پێویستە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت

نەهێشتنی هێڵی خوار هەژاری و بەشدارییەکی مانـاداری کچـان لـەو بڕیارانـەی کـە کاریگـەری لەسـەر پرسـی ئـەوان هەیـە، دەبێتـە هـۆکاری سـەرەکی بـۆ شـکاندنی جیاوازیـی رەگـەزی و نەهێشـتنی توندوتیـژی دژی ئافرەتـان و دەبێتـە رێکارێکیـش بـۆ گەشەسـەندن و پاراسـتنێکی تەواویـان، هەروەها کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەبێت و ددانپێدانانێك دەبێـت بـۆ بەهێزبوونـی کچـان و پێویسـتبوونی بەشداریکردنیان لـە پرۆسـەی دروستکردنی بڕیـار و رێگـری لـە هـەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی ئافـرەت دەکات. بەشـداربووانی ئـەم راپۆرتـەی گـوڵان لـەو بارەیـەوە راوسـەرنجی خۆیـان دەخەنـەڕوو.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سنۆبەر سابیر رەشید ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەت قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، هەر بۆیە نەوە تا نەوە رۆڵی گەورەی لە پێشکەوتن و بەرەوپیشچوونی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە. ئافرەتانیش هەتا هۆشیارتر و رۆشنبیرتر بن، ئەوا باشتر بە ئەرکەکەیان هەڵدەستن و هۆشیارانەتر ئەندامانی خێزان پەروەردە دەکەن. هەر ئەوەش وا دەکات، دایك کچەکەی متمانەی زیاتری بە خۆی هەبێت و درك بە ماف و ئەرکەکانی بکات و بە گرنگییەوە بڕوانێتە رۆڵ و پێگەی خۆی و کارامەیی خۆی لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنێت. بۆیە دەبینین تا دایك رۆشنبیرتر بێت، چاوکراوەتر دەبێت و بە ئاستێکی زۆر باشتر لەگەڵ منداڵەکانی مامەڵە دەکات. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئافرەتان نەخوێندەوار و ناهۆشیار بن، ئەوا ناتوانن کچانی بەتوانا و خاوەن کەسایەتی دروست بکەن، بەشێوەیەکی گشتی جگە لە رۆڵی دایك،



ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و دامودەزگا و ناوەندەکانی خوێندن و دەزگا و ئۆرگانە حزبی و حکوومییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن، لە پەروەردەکردن و پێشکەوتنی کچان و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەریان لە کۆمەڵگەدا هەبێت.» هاوکات دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروستمان هەبێت، دەبێت ئافرەت ڕۆڵی خۆی هەبێت و کاری جددی لە سەر هۆشیاری و ڕۆشنبیریی کچان بکرێت، بەمەش کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم دێت.

لەیلا دیوبەند، چالاکی مەدەنییە و ڕایوایە: «خێزان، یان بنەماڵە، یەکەم وێستگە و یەکەم قوتابخانەیە کە چارەنووسی تاکی بە ڕاددەیەکی زۆر تێدا دیاری دەکرێت. هەروەها لە خێزانیشدا دایك ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە چنینی تان و پۆی کەسایەتیی مناڵەکانی بەگشتی و کچ بەتایبەتی دەگێڕێت. لە خێزانێکدا کە کوڕ و کچ لە هەموو بوار و ڕەهەندێکدا وەك یەك خرانە بەر پەروەردە و ڕاهێنان، بێگومان کچانیش دەتوانن وەك براکانیان ڕۆڵی کارا لە جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕن، پێچەوانەکەشی واتە هەڵاواردن و پەراوێزخستنی کچ لە خێزاندا و بە ناچاری قبووڵکردنی هێژمونی و ئۆتۆریتەی نێرینە، تەنیا ماڵوێرانی و گۆشەگیری و لەدەسدانی متمانە و ئازاددیی ماددی و مەعنەویی ئافرەتی لێ دەکەوێتەوە.» گوتیشی:» کۆمەڵگەی پێشکەوتوو پوتانسیەلەکانی کۆمەڵگە لە شوێن و بواری خویدا بەکار دەهێنێت. بە بێ بەشدارییەکی چالاکانەی ژن لە کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەستەمە کۆمەڵگە ڕووی خۆشی و پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێت. بۆیە نە عەیبە و نە کەموکورتییە ئەگەر لە هەندێك ڕووەوە خەڵکی ئێمەش فاکت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وەربگرن. ساپۆرتی ئافرەت لە خێزاندا گەرەنتی هاتنە گۆڕێی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر و کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالار دەکات.» وەك دوا وتەشی گوتی: «من خێزان بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانم و لە خێزانیشدا دایك لە پێش هەمووانەوە، لەبەر ئەوەی دایك ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لە یەکەم قۆناغی ژیانیەوە دەکەوێتە ئەستۆی و دەبێت بە شێوازێکی ئینسانی و سەردەمیانە و بە چەسپاندنی یەکسانیی ڕەگەزی منداڵی خۆی پەروەردە بکات. دایکانی کورد توانیویانە لە چەقی کۆمەڵگەی عەشایری و سوننەتیدا کچان و ژنانی وەك قەدەمخێر و حەپسەخان و لەیلا زانا و.. سەدان ئافرەتی ئازا و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا پێ بگەیەنن، کەوابوو خێزان دەتوانێت ڕۆڵی بنەڕەتیی لە پێگەیاندنی کچی وەبەرهێنەر و کاریگەردا هەبێت.»

تەرزە حسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەمڕۆ مەسەلەی ئافرەت لە سەرتاسەری دنیادا یەك مەسەلەی ئەسڵیی کۆمەڵگەی بەشەرییە کە هەموو کۆمەڵگە و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی گرتۆتەوە، هەر لەم سەری ڕۆژهەڵاتەوە تا ئەوسەری ڕۆژئاوا. گومان لەوەدا نییە هەر وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، مافەکانی ئافرەتیش مافی جیهانین و ڕەنگی پێست و قەومییەت و سنوور ناناسێت. بەڵام بەداخەوە ئافرەت لە وڵاتانی دواکەوتوودا بە کوردستانیشەوە ئەوەندە لە مافە سەرەتاییەکانی مەحرووم و بێبەشە کە ژیانی پڕ بووە لە نەهامەتی و مەینەتی و چەوساندنەوە و ئەوەش وایکردووە کچی وەبەرهێن بە دەگمەن دەر بکەون. دیارە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی کاریگەریی ئایینی و دابونەریتی دواکەوتوو و کۆنەپەرسەتی و خراپیی یاساکان دۆخی مافەکانی ئافرەت لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێت. بۆیە دەبێت کاری زۆر زیاتر لە سەر پەروەردەی دروستی کچان بکرێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتێکی نموونەیی بن بۆ خێزان و لە داهاتوودا دایکێکی هوشیار بن بۆ منداڵەکانیان و هەر دایکانیشن کە بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان کۆمەڵگەیەك سەرپێ دەخەن. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە لە پڕۆسەی کۆمەڵایەتیدا لە هەموو قۆناغەکان و بەتایبەتیش لە قۆناغی تازەپێگەیشتنی کچاندا گرنگیی زۆریان پێ بدەین، چونکە کچان لە قۆناغی تازەپێگەیشتن زۆرترین وزەیان هەیە و پێویستییان بە ئاراستەکردنێکی ئەرێنییانەی کۆمەڵایەتی هەیە. کە دەڵێن بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە، واتە ئافرەت گەورەترین و پیرۆزترین دیاریی خودایە، گەورەیی ئەم دیارییە ئەوەیە کە دەبێتە دایك و منداڵ پەروەردە دەکات، دایکیش هەرچی وشیارتر بێت، جیاوازیی لە نێوان کچ و کوڕی خۆی ناکات و ڕۆڵەی وشیار و بەتوانا پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات و دەرفەتی سەرکەوتنیان بۆ دروست دەکات. کێشەی سەرەکیی ئێمە لەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە کە ئاستی وشیاریی تاکەکانمان کەمە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتە باوەکانمان و پێویستە کاری هەمە لایەن بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کچی بەتوانا و وەبەرهێنمان هەبێت.»

تەرزە حسێن لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا دەڵێت: «هەمیشە گەشبینم بە پاڵپشتیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسرور بارزانی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان هەبووە، دروستکردنی ئایندەیەکی باش و شیاو بۆ کچانمان کاری دایك و باوك و حکومەت و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومییە و تەنیا بە لایەنێك ناکرێت، هەروەها پێویستی بە بە یاسا و بەرنامەڕێژیی وردبینانە هەیە. تەنانەت پێویستە مافی یەکسان و یەکسانیی ڕەگەزی ببێتە وانەیەکی بنچینەیی لە بواری پەروەردە و کچان وا پەروەردە بکرێن کە خۆیان بە هاوشانی کوڕان بزان و کوڕانیش هەمان تێڕاونینیان هەبێت، نەك بە پلە دووی کۆمەڵگە سەیریان بکەن، لە هەموو کاتێکیشدا دەبێت لە ڕێگەی یاساوە ژیانی ئافرەت پارێزراو بێت.»

**هەمیشە گەشبینم بە پاڵپشتیکردنی بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئافرەتان و ڕۆڵێکی بەرچاویشیان لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت هەبووە**

**دایکانی کورد توانیویانە لە چەقی کۆمەڵگەی عەشایری و سوننەتیدا کچان و ژنانی وەک قەدەمخێر و حەپسەخان و لەیلا زانا و.. سەدان ئافرەتی ئازا و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا پێ بگەیەنن**

**پێویستە مافی یەکسان و یەکسانیی ڕەگەزی ببێتە وانەیەکی بنچینەیی لە بواری پەروەردە و کچان وا پەروەردە بکرێن کە خۆیان بە هاوشانی کوڕان بزان و کوڕانیش هەمان تێڕاونینیان هەبێت**

**ئافرەت قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، هەر بۆیە نەوە تا نەوە ڕۆڵی گەورەی لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە**